# سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاری کۆتایی بەکارەکانی خۆی دەهێنێ

پاشماوەی لاپەڕە 1

کۆنگرە هەڵوێستی ئەو هەڤاڵانەی بە مایەی داخباری دانا، دواتر راپۆرتێک سەبارەت بە کارو رەفتارەکانی ئەوان لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا پێشکەش بە ئەندامان کرا، لەژێر رۆشنایی ئەو راپۆرتەدا بە دەنگی زۆرینە هۆشیار عەبدولرەحمان و فەهمی محەمەد لە ریزەکانی حزبی رزگاری کوردستان دەرکران، هەروەها کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی راسپارد تا لەو بارەیەوە ریوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر.

دواتر پەیڕەوی ناوەخۆی حزبی رزگاری کوردستان خرایە رۆژەڤەوە، لیژنەی پەیڕەوی ناوەخۆ راوسەرنجی خۆی سەبارەت بە ماددەو بەندەکان پێشاندەدا، گفتوگۆیان لەسەردەکراو دەخرانە دەنگدانەوە. لە کۆی گشتی پەیڕەوی ناوەخۆدا سوکە گۆڕانکاری لەچەند ماددەیەکدا کرا، دواتر بە تێکڕایی خرایە دەنگدانەوەو دەنگی پێدرا.

لە کۆڕی دووەمی رۆژی دووەمدا چەند هەڤاڵێک بۆ پۆستی سکرتێری گشتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خۆیان کاندید کرد، لە دەنگدانێکی نهێنیدا هەڤاڵ رێکار ئەحمەد بە زۆرینەی دەنگەکان وەک سکرتێری گشتی و هەڤاڵان (عومەر حەسەن، چالاک محەمەد، حەکیم عەلی عەزیز، عومەر خدر، ئاری حوسێن، ڤیان رۆستەم، شوکریە هۆمەر، مامۆستا محەمەد دۆسکی و کارزان شێخ محەمەد بۆ کۆمیتەی ناوەندی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، دواتر لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا کە ئێوارەی رۆژی 1-1-2010 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچوو، هەریەکە لە هەڤاڵان (عومەر حەسەن، چالاک محەمەد و حەکیم عەلی) بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

**پەیامنێری رۆژی گەل**

# مەحمود عوسمان: قسەکانی مالکی گرژی و ئالۆزی لێدەکەوێتەوە

مەحمود عوسمان رایگەیاند ئەو قسانەی مالکی سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا هیچ زەمانەتێک بەکورد نەداوە لەبەرانبەر بە تێپەڕکردنی یاسای هەڵبژاردن ، واتە بەیەکەوە گرێدانی زەمانەتی ئەمریکی و یاسای هەڵبژاردن گرژی و ئالۆزی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق دروست دەکات.

مەحمود عوسمان بە ئاژانسی دەنگەکانی راگەیاندوە کە ئەمریکا و هیچ لایەنێکی دەرەکی هیچ زەمانەتێکیان بە کورد نەداوە،

مەحمود عوسمان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو هەواڵانە گرژی و پەشێوی لە نێوان کوردو عەرەب دروست دەکات.

جێی ئاماژەیە کە رۆژی یەکشەممە نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق رەتی کردەوە کە ئەمریکا لەبەرانبەر تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردن زەمانەتی بە کورد دابێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەیەکە مێدیاکانی کوردستان جەخت لەسەر پێدانی زەمانەتی ئەمریکا دەکەنەوە. هەر لەو پێوەندەدا سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی گوتویەتی کە ئەمریکا بەڵێنی نەداوە.

هەبوونی زەمانەت لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ دەکرێ، بەڵام چاودێران پییانوایە کە راگەیاندنەکان ئەو شێوازە زەق دەکەنەوەو هەواڵەکان بە شێواوی بە جەماوەر دەگەیەنن.

# بۆ ماوەی 30 ساڵی دیکە منداڵانی عێراق بە شێواوی لە دایک دەبن

لە راپۆرتێکی وەزارەتی زانست و تەکنەلۆژیای عێراقدا هاتووە، ئەو رێژە یۆرانیۆمە پیتێنراوەی کەبەهۆی جەنگەکانی کەنداو و پرۆسەی رزگارکردنی عیراقەوە بڵاوبوونەتەوە، ژینگەی زۆرێک لەشارەکانی باشوری عێراقی پیسکردووە و تیشکی ئەو یۆرانیۆمەش شوێنەواری ترسناکی لەسەر منداڵبوون دادەنێ و تا ماوەی 30 ساڵی دیکە کاریگەری خۆی دەبێ.

راپۆرتەکە پێشبینی کردوە کە دەیان جۆری نەخۆشی بەوهۆی بڵاوبوونەوەی تیشکی ئەو یۆرانیۆمە سەر هەڵدەدەن، کاریگەری لە سەر ئەو منداڵانەدا دەبێ کە لە داهاتوودا دێنە ژیانەوە.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زۆرێک لەو منداڵانەی کە لەماوەی 30 ساڵی داهاتوودا لەدایک دەبن توشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن و شوێنەواری یۆرانیۆمیان لەسەر دەردەکەوێ، بەتایبەتیش ئەو دیاردەیە لەساڵی 2005 وە بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەردوو پارێزگای میسان و بەسرە دەرکەوتووە. ئەگەر رەوشەکە وابڕوات لە داهاتوودا هەزاران منداڵی شێواوو ناتەواو دێنە ژیانەوە کە بەوهۆیەشەوە داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان لە نیگەرانی و دڵە ڕاوکێدا خۆیان دەبیننەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە رێکخراوەکانی تەندروستی عێراقی وجیهانی پێیانوایە کە داهاتووی منداڵانی عێراق نا رۆشن دەبێ، چونکە لەلایەکەوە کاریگەری چەکە کۆکوژیەکان و بڵاوبوونەوەی تیشکی یۆرانیۆم بەردەوام دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە پەرەگرتنی نەخۆشی دەروونی لەنێو ژنانی عێراق بەرەو هەورازتر دەڕوات.

رێکخراوەکانی تەندروستی و زانستیەکان پەرەگرتن و زۆربوونی نەخۆشی دەروونی لەنێو ژنانی عێراق بۆ ئاکامی ئەو شەڕانە دەگێڕنەوە کە ماوەی 40 ساڵ زیاترە کۆمەڵگەی عێراقی داگرتوە، بەوهۆیەوە سەدان هەزار کەس کوژراون، منداڵەکانیش بەسەر ژنان ماونەتەوە، باوەشی خێزانەکان نائارام و نا لەبار بووە،، ژنانیش دوچاری دەیان کارەسات و دەردەسەری بوونەتەوە، ئەوەش وایکردوە کە لە داهاتوودا منداڵی ناتەندروست و نەخۆش لە دایک ببن

# مانگرتنی کوردان، ناکۆکی لەنێوان پارتەکانی نۆرویژ دروست دەکات

ماوەی چەند رۆژێکە ژمارەیەک لە کوردانی رۆژئاوای کوردستان کە مافی پەنابەرێتیان لە وڵاتی نۆرویژ رەتکراوەتەوەو هەڕەشی دیپۆرت کردنەوەیان لێدەکرێ، لەبەردەم تەلاری پەرلەمانی نۆرویژدا دەستیان بە مانگرتن کردوە، بەهۆی ئەو مانگرتنەوە ناکۆکی لەنێوان هەڵوێست و رامانەکانی پارتەکانی ئەو وڵاتە سەریهەڵداوە، هەروەها ناکۆکی توندیش لەنێوان پارتی بۆ پێشەوەی نۆرویژ و کۆمەڵەی سوری و حزبی سوری هاتۆتە ئاراوە کە سەرپەرشتی مانگرتنەکە دەکەن.

مێدیاکانی نۆرویژ و دانمارک و سوید بایەخی زۆریان بەو مانگرتنە داوە، بەڵام پارتی بۆ پێشەوەی نۆرویژ کە پارتێکی کۆنەپارێزو رەگەزپەرستە سەرسەختانە پێداگری لەسەر بڵاوەپێکردنی مانگرتوان دەکات و بە ئاژاوەگێڕی و نایاسایی لە قەڵەمیان دەدات.

پارتە پێشکەوتنخوازەکانی نۆرویژ لەگەڵ ئەوەدان کە پارلەمان و حکومەت چاوێک بە داواکانیان بخشێننەوەو وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام پارتی بۆ پێشەوە دەخوازێ کە پۆلیس تەواوی مانگرتوان و هەموو ئەوانەی کە داواکەیان رەتکراوەتەوە قۆڵبەست بکات و رەوانەی سوریایان بکاتەوە.

لێدوانەکانی پارتی بۆ پێشەوە کە دووەمین گەورە پارتی نۆرویژە رای گشتی خرۆشاندووەو پەنابەرانیش بڕیاریانداوە کە یەککرتوانەتر پەرە بە چالاکیەکانیان بدەن، هەم مانگرتنەکە بەردەوام بکەن، هەمیش بەهاوکاری رێکخراوە مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازەکان شێوازێکی دیکە بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان بگرنەبەر.

واچاوەڕوان دەکرێ کە رۆژانی داهاتوو شێوازی مانگرتنەکە بگۆڕێ و بەرفراوانتر بکرێ.

# مەلا بەختیار، ئەنجومەنی ناوەند گۆڕانێکی گەورەیە

دووشەممە 4-1-2009 لەدوای یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامدرا، رێزدار مەلا بەختیار کارگێرو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا؛ دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەندی بەگۆرانکارییەکی گەورە لە ژیانی سیاسیو رێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەڵەم دا.

هەر لەو پێوەندەدا، رونیکردەوە کەیەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان نابێ و ئەنجام نادرێ.



لەپێناو گۆرانکاریدا باجی زۆری داوە، بەڵام گۆران بەچەواشەکاری

جێی ئاماژەیە کە یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتوی نیشتیمانیو کوردستان، لەهۆڵی مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بەرێوەچوو، لە دەستپێکدا سەرۆک تاڵەبانی وتارێکی پێشکەش کردو ئەرکەکانی ئەنجوومەنی ناوەندی دیار کرد.

رێزدار سەرۆک تاڵەبانی داوای لەئەنجومەنەکە کرد بێ سەمینەوە چاودێری دەزگەکانی یەکێتی بکەن و رەخنەیان لێبگرن. لەو بەستێنەدا گوتی: {لەمنەوە دەستپێبکەن تاوەکو برادەرانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو دەزگاکانی تری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان}

جێی ئاماژەیە کە پێکهێنانی ئەنجومەنی لە پلێنۆمی ساڵی رابردووی یەکێتی بڕیاری لەسەر دراوە، پێکهاتوە لە 80 ئەندام ئەنجومەنو 10 ئەندامی یەدەک کە چاودێری لێپرسراوانو دەزگاکانی یەکێتی دەکەن.

# ئیسرائیل پێیوایە ساڵی 2010 کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بۆ ناگیرێ و هەڵدەوەشێتەوە!

دانی ئایالۆن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دەڵێ؛ بەو گەمارۆ ئابوریە توندەی کە خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران شیمانەی هەڵوەشانەوەی لێدەکرێ.

.بە پێی هەواڵێکی رادیۆ فەرەنسا، ئایالۆن گوتوویەتی: "دیار نییە ئێران بتوانێت تا ساڵێکی دیکە خۆی رابگرێت."جێگری وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل گوتی: "وڵاتانی جیهان، دژی ئێران یەکیان گرتووە و تا مانگێکی دیکە، ئەنجومەنی ئاسایش سزای نوێ دژی ئێران دەردەکات"

دانی ئایالۆن ئاشکرای کرد: "ئەمەریکا، روسیە و چین بۆیان روون بۆتەوە گەر حکومەتی ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، جیهان دەشێوێنێت".

بە پێی لێکدانەوەکانی ئیسرائیل، فەرەنسا لە مانگی داهاتوودا، سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەورووپا بەدەست دەگرێت و ئەم وڵاتەش خوازیاری سزای توندترە دژی ئێران".

سیاسەتوانان، ساڵی2010 بە ساڵی یەکلایی کەرەوەی کێشەی ئەتۆمیی ئێران دەزانن. وڵاتانی رۆژئاوا خەریکی ئامادە کردنی لیستێکن بۆ گەمارۆی زیاتر دژی ئێران، ئەگەر بێت و ئێران سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، وڵامی پێشنیارەکانی ئەوان نەداتەوە ئەوە سزای زیاتر و توندتر چاوەڕێی ئێران دەکات.

ئەمە لە کاتێکدایە، "مەنووچێهر موتەکی" وەزیری دەرەوەی ئێران، گوتبووی، وڵاتانی رۆژئاوا تا کۆتایی ئەم مانگە کاتیان هەیە، سوتەمەنیی ئەتۆمی بدەن بەم وڵاتە، ئەگینا ئێران خۆی سوتەمەنییەکەی بەرهەم دەهێنیت

**سەرچاوە: هەواڵەکان**

# لەستۆکهۆلم کۆنفرانسێکی گەورە لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی دەرسیم بەڕێوە دەچێ

کۆمیتەی باکوری چاودێری کوردۆساید، وەک یەکەم کارو چالاکی خۆی لەهەوڵی ئامادەکردنی کۆنفرانسێک دایە لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی شاری دەرسیم، کە بڕیاروایە لە 2010/01/24 لە پایەتختی وڵاتی سوید بەڕێوە بچێ.

سەید خان عەنتەر کەئێستا سەرپەرشتی ئەم کۆمیتەیە دەکات، گوتویەتی ئامانج سەرەکیمان ئەوەیە دۆسیەی کۆمەڵکوژی کوردان زیاتر ئاشنای کوردانی باکور بکەین و بتوانین وەک چەکێکی تر دژ بەداگیرکەران بەکاری بهێنین و زولمیەتی نەتەوەکەمان کەبەرادەی کوشتاری بەکۆمەلی وەک دەرسیم ئەنجام دراوە بەئەوروپیەکان بناسێنین.

لەدرێژەی قسەکانیدا ئاشکرای کردوە کە بەرنامەیەکی باشی هەمە رەنگی بۆ ئامادەکراوە، هەر لە نیشاندانی فیلم لەسەر تاوانەکە، بەڵگە و وێنەو مۆسیک ونمایش کردنی شانۆیەکی کورت و وتەی حزبە سیاسیە سویدیەکان و فیدراسیۆنی ئەرمەن و ئاشوری و یەزیدی و یارسان و فەیلی .... هاوکات ئەڤین چیچەک کە خاوەنی چەندین پەرتوکە لەم بارەوە بە کورتە لێکۆلینەوەیەک بەشدار دەبێت ، هاوکات وتەی ئیسماعیل بێشکچی ئەندامی فەخری چاودێری کوردۆساید لە کۆنفرانسەکەدا بەزمانی سویدی دەخوێنرێتەوە کە بە تایبەت بۆ کۆنفرانسەکەی ناردوە، هاوکات پرۆفیسۆرDavid Gunt کەپسپۆڕە لەسەر تاوانە کۆمەڵکوژیەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بە کورتە لێکۆلینەوەیەک بەشدار دەبێت و واچاوەڕوان دەکرێت کوردێکی زۆر لە ستۆکهۆلم و چواردەوروبەری بەشداری تیا بکات، لەچەند رۆژی داهاتوودا پرۆگرامی کۆنفرانسەکە رادەگەیەندرێ.

جێی ئاماژەیە کە تاوانی کۆمەڵکوژی دەرسیم لە ساڵی 1938 بە بڕیاری خودی کەمال ئەتاتورک بەڕێوەچووە و10% هاولاتیانی دەرسیم قەتل و عام کراون .